Women,s Freedom Organization of Kurdistan - NINA

ڕێكخراوی ئازادیی ژنانی كوردستان- نینا

# كار بەدەستانی دەوڵەتی لە سنە، ڕێگایان بە بەڕێوەچوونی هیچ چەشنە ڕێوڕەسمێكی 8 مارس نەدا

ڕۆژی پێنجشەممە 8ی مارسی 2007، كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی لە سنە ڕێگایان لە بەڕێوەبردنی هەر چەشنە ڕێوڕەسم و كۆبوونەیەكی ڕێزگرتن لە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن گرت. پێشتر ژمارەیەک لە "NJO"كانی ئەو شارە، مۆڵەتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێكیان بەو بۆنەیەوە، لە پارێزگار وەرگرتبوو. بەڵام هێزەكانی ڕێژیم ڕێیان لە بەڕێوەچوونی گرت.

لە لایەكی دیكەوە ژمارەیەک لە چالاكانی مەدەنی سنە، كە حەولیاندا ڕێپێوانێكی هێمنانە لە سێ ڕێیانی ئەدەبەوە تا مەیدانی ئیقباڵ بەڕێوە بەرن كەوتنە بەر پەلاماری هێزەكانی ڕێژیم و ژمارەیەكیان دەسگیر و ڕەوانەی زیندان كران.

ناوی ژمارەیەک لە گیراوەكان بریتین لە:

1– پەیمان نیعمەتی
2– ژینا مودەڕس گورجی
3– وریا موتەدەین
4– ئاسۆ ساڵح
5– سەلاح زەمانی
6– ئیحسان ئەحمەدی
7 ئەلیاس كەریمی

ڕێكخراوی ئازادیی ژنانی كوردستان – نینا
18 ڕەشەمەی 2706
9 مارسی2007

www.ninaazadi.com

Email: azadi.jinan@gmail.com
- ninaazadi.europa@betuwe.net

Mobil: 009647504472889 - 009647301198060